بانگەوازیك لە لایەن

# فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقی یە وە لە سوید

فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقی لە سوید, رۆژی چوارشەممە ریکەوتی 9-5-2007 کاتژمیر 9 ی بەیانی هەلدەستیت بە ریکخستنی خۆپیشاندانیکی نارەزایەتی لە بەردەم بالەخانەی پەرلەمانی سوید لە شاری ستۆکۆلم.

ئامانج لەم خۆپیشاندانە دەربرینی نارەزایەتی یە لە بەرامبەر ئەو بریارەی دەولەتی سوید کە رووی لە دەرکردن و بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی یە بەتایبەت ئەوانەی کە هیشتا مافی پەنابەریتی یان وەرنەگرتووە یان ئەوانەی کە ئیقامە کانیان بە ئیقامەی یەك سالی دادەنریت .

ئیمە وەك فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقی لە سوید کە تیدەکۆشین بۆ ئەوەی پەنابەران لە مافی پەنابەریتی بەهرەمەند بن , بە توندی بە دژ ئەم بریارەی حکومەتی سوید رادەوەستین و لە هەمان کاتدا بانگەوازی سەرجەم خەلکی ئازادی خواز دەکەین کە دەنگی خۆیان بخەنە پال دنگی ئیمە بۆ هەلوەشاندنەوەی ئەو بریارە هەرلیرەوە داوا لە نووسەران و هونەرمەندان کوردو عیرا قی , داوا لە کۆمەلەو ریکخراوە کوردی یە کان و عیراقی یە کان دەکەین لە وولاتی سوید کە بەدەم ئەم بانگەوازەی ئیمەوە بین و لەگەلماندابن تا بە هیزیکی زیاترو زیاترەوە رۆژی چوار شەممە ریکەوتی 9-5-2007 لە بەردەم پەرلەمانی سوید لە ستۆکۆلم کۆببینەوەو کە بریارە ئەو رژە پەرلەمان لەسە ئەم دۆسیەیە بە بریاریك بگات.

بەشداری چالاکانەتان لە رۆژەدا بیشك کاریگەری لەسەر ناوەندەکانی بریار لە پەرلەماندا دەبیت .

**فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقی لە سوید**

**ستۆکۆلم**

2007-5-3